KOREK

لەبەرچی دانی ئالڤێش لە بارسیلۆنا ڕۆیشت؟!..

# ”بڕۆن لە ژنەکەی بپرسن؟“



ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

”لەبەرچی ئالڤێش لە بارسیلۆنا ڕۆیشت؟“، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ساڵی ڕابردوو زۆرترین جار لەلایەن میدیاکانەوە ورووژێنراو ئێستاش زۆر دووبارە دەکرێتەوە، هەمیشە چاودێران و شرۆڤەکارانیش بەرپرسانی بارسا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هەڵەیەکی گەورەیان کردووەو یەکێک لە گرنگترین یاریزانەکانی یانەکەیان لەدەستداوە. ڕەخنەگران و شرۆڤەکاران هەمیشە دەڵێن ”بەرپرسانی بارسا نەیانتوانیوە ئەو بۆشاییە گەورەیە لە پێکهاتەی تیپەکەیان پڕبکەنەوە کە ئالڤێش جێیهێشتووە“. بەڵام وادیارە سەرۆکی بارسیلۆنا قسەیەکی دیکەی هەیەو نایەوێ چیدی ئەو درۆیە لە ڕاگەیاندنەکاندا دووبارە بکرێتەوە.

جۆسیپ ماریا بارتۆمیۆ، هۆکاری ڕۆیشتنی دانی ئالڤێشی لە ریزەکانی یانەکەی بۆ ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی ئاشکراکردو گوتی ”ئالڤێش کەسێکی باشەو هەموانی خۆشدەوێ، بەڵام بەهۆی کێشەی کەسییەوە ڕۆیشت، نەک ئێمە دەرمانکردووە وەک ئەوەی هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەمیشە دەیڵێنەوە“. بارتۆمیۆ هەروەها گوتی ”خۆی و من و هاوسەرەکەی ئەو ڕاستییە دەزانین، ئەگەر بڕوا بە من ناکەن بڕۆن لە ژنەکەی بپرسن“. بارتۆمیۆ گوتیشی ”شتەکە بەو شێوەیە نییە کە ئالڤێش گوتی دەبێت هۆکاری ڕۆیشتنی من لە سەرۆکی بارسا بپرسن و ئەویش دەبێت وەڵام بداتەوە، ئەگەر بیەوێ“.

دانی ئالڤێش، وەرزی ڕابردوو لە بارسا ڕۆیشت و چووە یوڤێنتۆسی ئیتاڵی، کە لەگەڵیدا نازناوی خول و جامی ئیتاڵیای بەدەستهێنا، لەگەڵ پلەی دووەمی چامپیۆنزلیگ.

WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (456) سێشەممە 2017/7/11 20ی پووشپەڕ - 2717 (500) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## ڕۆناڵدۆ دەیەوێ پێڕێز هێزی خۆی بۆ پاراستنی ئەو لە دادگا بەکاربێنێت..

# 3 مەرج



زیدان بۆ ڕۆناڵدۆ:

بەبێ تۆ ئێمە تیپێکی سەرکەوتوو نین

"پێویستە ریال مەدرید مووچەی ڕۆناڵدۆ لە مووچەی مێسی زیاتر بکات"

3



## وەرزی داهاتوو نازناوی پرێمەرلیگ بۆ مان یونایتدە

4

کچێکی کورد چاوی لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی دۆرتموندە



2

ئەدیبایۆر دەیێتە سەرۆک عەشیرەت



5

کەس ناتوانێت ڕێگە لە ڕۆیشتنی خامیس بۆ بارسا بگرێت



6

هەمیشە دڵشادبە
ئینتەرنێتی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە
KOREK Telecom



## یاریزانێکی بەتوانا

مەحمود هاشم، یاریزانێکی بەتوانای قەزای بەردەڕەشـە، یاری بۆ یانەی سـۆلاف بەردەڕەش دەکات. مەحمود سـاڵی 1994لەدایکبووە. هەر لە منداڵییەوە خولیای توپی پێ بووە، لە تەمەنی 11سـاڵییەوە وەک یاریزانێکی باشـی دەڤەرەکە دەرکەوتووە و لە هێڵی هێرشـبردن یاریدەکات. مەحمود کە پێشتر یاری بۆ یانەکانی ئارارات و بەردەڕەش کردووە، دەڵێت «ئاواتمە ببمە یاریزانێکی سەرەکی لە یەکێک لە یانەکانی کوردستان».

### کچێکی کوردەو یاری بۆ یانەیەکی پلە دووی ئەڵمانیا دەکات..

# خەندە چاوی لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی دۆرتموندە



**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

خەندە سەدرەدین، کچە یاریزانی کوردی تاراوگە و نیشتەجێی ئەڵمانیا، کە یاریزانی تیپی ئافرەتانی یانەی هێرزلاکە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) گوتی "هەموو هەوڵێکم بۆ لەبەرکردنی درێسی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بۆرووسیا دۆرتموندی ئەڵمانییە، زانیاریم هەیە کە چەند یانەیەکی ئەڵمانیا قسەیان لەسەر ئاستی من کردووە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا یارییان بۆ بکەم". ئەو گوتیشی "چەندینجار یاریکردنم بۆ هەڵبژاردەی عێراق ڕەتکردووەتەوە".

لەنێو کوردانی تاراوگەدا، بێجگە لەوەی چەندین کوڕە یاریزانی بەتوانا هەن، چەندین کچە یاریزانی کوردیش هەڵکەوتوون و یاری بۆ یانەکانی ئەو وڵاتانە دەکەن کە لێیان نیشتەجێن.

خەندە سەدرەدین، کچە یاریزانی تیپی تۆپی پێی پێشووی یانەی ئافرەتانی هەولێر، نموونەیەکی ئەو کچە یاریزانانەیە، کە ئێستا لە ئەڵمانیا دەژیت و یاری بۆ یانەیەکی ئەو وڵاتە دەکات. ئەو یاریزانی تیپی کچانی یانەی هێرزلاکە، کە لە خولی پلە دووی ئافرەتانی ئەڵمانیادا بەشداری دەکات.

خەندە سەدرەدین، لەبارەی چوونی بۆ ئەو یانەیە، تایبەت بە (ڕووداوی وەرزشی) گوتی

> "زۆر سەرسامم بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و مارکۆ ڕیۆس"

"وەرزش خولیایەکی خۆمە، هەر لە منداڵییەوە ئاواتم ئەوە بووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببمە یاریزانێکی بەتوانای تۆپی پێ، سوپاس بۆ خوا بە هاوکاری خێزانەکەم و پاڵپشتی ئەوان بەردەوام بووم لە وەرزشکردن و توانیم خەونی خۆم بێنمەدی بە یاریکردن بۆ یانەیەکی ئەورووپا".

ئەو کچە یاریزانە کوردە، کە تەمەنی 22 ساڵە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆڵی نەداوە تاوەکو بە ئاواتەکەی گەیشتووەو دەڵێت "کە گەیشتمە ئەڵمانیا یەکەم کارم گەڕان بوو بەدوای یانەیەک بۆ ئەوەی یاری بۆ بکەم، ماوەی زیاتر لە 18 مانگە گرێبەستکم بۆ ماوەی 3 ساڵ لەگەڵ یانەی HERZLAKEی پلە دووی ئەڵمانیا مۆرکردووە".

خەندە ئەوەش ناشارێتەوە کە خەونێکی گەورەتری هەیە، ئەویش چوونە ریزەکانی یانەی بۆرووسیا دۆرتموندە "ئاواتی منە لە ڕێگەی ئەم یانەیەوە بچمە ریزەکانی یانەی بۆرووسیا دۆرتموند، دەمەوێ یاری بۆ ئەو یانە گەورەیە بکەم. هەرچەندە تاوەکو ئێستا داوانەکراوم، بەڵام لە چەند یانەیەکی دیکە باس لە ئاستبەرزی من کراوە". هەروەها گوتیشی "لە ئەڵمانیا زۆر لە ڕاهێنەران دەستخۆشییان لێکردووم و پێیانگوتوومە دوارۆژێکی باشت دەبێت".

لەبارەی گەڕانەوەشی بۆ کوردستان، ئەو کچە یاریزانە کوردەی خولی پلە دووی ئەڵمانیا، گوتی "بەنیازی ئەوەنیم بەیەکجاری بگەڕێمەوە کوردستان، بەڵام بۆ سەردان دێمەوە". لەبارەی بەراوردکردنیش لەنێوان خولی ئەڵمانیا و کوردستان لە یاری تۆپی پێی کچان، خەندە گوتی "وەرزش لە ئەڵمانیا لە هەموو وڵاتانی دیکە پێشکەوتووترە، بێگومان وەرزشی ئەڵمانیا زۆر جیاوازە لە وەرزشی کوردستان لە هەموو ڕوویێکەوە، لە ڕووی مەشق و هاندان و ڕاهێنەرەکانەوە".

خەندە سەدرەدین، ئەوەشی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد کە چەندینجار لەبەرکردنی درێسی هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراقی ڕەتکردووەتەوەو گوتی "لەلایەن ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراقەوە 3 جار داواکراوم، بەڵام ڕازی نەبوومە یارییان بۆ بکەم، چونکە دەمەوێ تەنیا لە ئەڵمانیا یاری بکەم".

خەندە زۆر سەرسامە بە یاریکردنی کریستانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و مارکۆ ڕیۆسی یاریزانی ئەڵمانی یانەی بۆرووسیا دۆرتموند "حەزدەکەم وەک ڕۆناڵدۆ و ڕیۆس بەناوبانگ بم و یاری بۆ هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەڵمانیا بکەم".

> "3 جار درێسی هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراقم ڕەتکردووەتەوە"

### لە ئاستی یاری تۆپی سەرمێز لە کوردستان ڕازی نییە..

# کچە یاریزانێکی سلێمانی یانەکانی بەغداد ڕەتدەکاتەوە



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

ئەژین عەلی، کچە یاریزانی شاری سلێمانی، نیگەرانی خۆی لە ئاستی یاری تۆپی سەرمێز لە کوردستان نیشانداو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "بەداخەوە ئاستی یاری تۆپی سەرمێز لە کوردستان زۆر بەرەو دواوە چووەو ساردییەکی زۆری پێوە دیارە". هەروەها دەشڵێت "گرێبەستی چەند یانەیەکی شارەکانی عێراقم ڕەتکردووەتەوە".

یاری تێنسی سەرمێز لە شاری سلێمانی گرنگییەکی تایبەتی هەیە و لەسەر ئاستی عێراقیش کچان و کوڕانی ئەو شارەی باشووری کوردستان یەکەمی بێ ڕکابەری نێو یانەکانی کوردستان و عێراقن، یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی پێشووی یانەی ئەفرۆدێت کچە یاریزان ئەژین عەلی تێنسزانی شارەکەیە، کە ئێستا ڕۆژانە خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ پاڵەوانیەتییەکانی کوردستان و عێراق.

ئەژین عەلی، کە ئێستا بۆ هیچ یانەیەک یاری ناکات، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "ئێستا بەهۆی بوونی هەندێک کێشە و نەگونجانم لەگەڵ ئەفرۆدێت ریزی ئەو یانەیەم جێهێشتووەو بەنیازی ئەوەم لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا پەیوەندی بە تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی سلێمانییەوە بکەم، کە ئێستا ڕۆژانە لەگەڵ ڕاهێنەری ئەو یانەیە خەریکی مەشق و ڕاهێنانم بۆ ئەوەی لە پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوودا ئەنجامێکی دڵخۆشکەرم هەبێت".

وەک ئەژین باسی دەکات، چەند یانەیەکی شاری بەغداد پەیوەندیان پێوە کردووە بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکات، بەڵام داوای هەمووانی ڕەتکردووەتەوە، چونکە وەک خۆی گوتی "نەمتوانی بچمە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، نامەوێ یاری بۆ یانەیەکی دوور لە شاری سلێمانی بکەم، ئەگەرنا لەلایەن یانەکانی کوردستانیشەوە داواکراوم".

لەبارەی ئاستی یاری تۆپی سەرمێز لە کوردستان، ئەژین نیگەرانی خۆی نەشاردەوەو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "بەداخەوە لە کوردستان ئاستی یاری تۆپی سەرمێز زۆر بەرەو دواوە چووەو ساردییەکی زۆری پێوە دیارە، ئەویش بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەیە کە ڕووی لە کوردستان کردووە". هەروەها ئەژین گوتی "دواکەوتنی خول و پاڵەوانیەتییەکانیش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەرمان، ئەوە بووەتە هۆکارێک بۆ ساردی و سڕی یانەکان، ئەمە وایکرد یاریزانان چیدی گرنگی بە مەشقەکان و یارییەکەش نەدەن".

ئەژین سوپاسگوزاری خانەوادەکەیەتی، کە هەموو کاتێک پشتگیری سەرەکی ئەو بوونە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە یاریکردن.

لەبارەی هەڵبژاردەی کوردستانیشەوە، ئەژین گوتی "هەموو کات لەگەڵ دامەزراندنی هەڵبژاردەی کوردستان بوومە، چونکە ژمارەیەکی زۆر کچە یاریزانی ئاست بەرزمان هەیە لە شارەکانی کوردستان، دەتوانین بەناوی کوردستانەوە بەشداری پاڵەوانیەتی عێراق و ئاسیا بکەین و ئەنجامی باشیش بەدەستبێنین".

### پارێزگاری لە گۆڵی یانەی میناى شاری بەسرە دەکات..

# گۆڵپارێزێکی کورد نور سەبری دەکاتە یەدەگی خۆی



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ بەسرە**

یاسین کەریم، کە گۆڵپارێزێکی کوردە، بەهۆی ئاستبەرزی خۆی شوێنی سەرەکی لە پێکهاتەی یانەی میناى شاری بەسرە لە نور سەبری گۆڵپارێزی بەناوبانگی عێراق وەردەگرێت و بە (ڕووداوی وەرزشی) دەڵێت "ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ یانەی مینا بەردەوام بم".

وەرزی ڕابردوو یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق پشکی شێرییان وەرگرت لە بەدەستهێنانی تواناکانی یاریزانانی یانەکانی کوردستان، ئاستبەرزی یاریزانانی باشووری کوردستانیش وای لە یانەکانی عێراق کردووە گرنگی زیاتر بە تواناکانی یاریزانانی کوردستان بدەن و گرێبەستی گران بەهایان پێشکەش بکەن، کە یاسین کەریم یەکێکە لەو یاریزانانەو گۆڵپارێزێکی ئاستبەرزە، ئەمساڵ بە گرێبەستێک چووەتە ریزەکانی یانەی میناى شاری بەسرە.

وەک یاسین کەریم، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "هەر زوو بوومە جێگای متمانەی دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکە و بوومە گۆڵپارێزی یەکەمی یانەکە، کە ئێستا دوو گۆڵپارێزی بەتوانای عەرەب یەدەگی منن، یەکێکیان نور سەبری گۆڵپارێزی نێودەوڵەتی و بەناوبانگی عێراقە".

نور سەبری لە ساڵی 2007 ڕۆڵێکی سەرەکی لەگەڵ هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق بینی بۆ بردنەوەی جامی نەتەوەکانی ئاسیا.

یاسین کەریم، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەدوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکانی کوردستان، چەند یانەیەکی عێراقی گرێبەستیان پێشکەشکرد، لەوانەش یانەکانی ئەمانەی بەغداد و مینا "لەنێو هەموویاندا یانەی مینام هەڵبژارد، کە لە ڕاستیدا لە شاری بەسرەو لەگەڵ یانەکەم زۆر دڵخۆشم".

ئەو گۆڵپارێزە کوردە، کە هیواداره ئەمساڵ بتوانێت ئەنجامێکی شایستە لەگەڵ یانەی مینا بەدەستبێنێت، ئەوەشی ئاشکراکرد کە لە ئێستاوە لە چەندین یانەوە گرێبەستی بۆ هاتووە، بۆ ئەوەی لەدوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی لەگەڵ مینا بچێتە ریزەکانیان، بەڵام وەک خۆی گوتی "پێمخۆشە لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەم لەگەڵ مینا بیر لە گرێبەستی نوێم بکەمەوە، کە لەوانەیە هەر لەگەڵ مینا بمێنمەوە".

لەبارەی گەڕانەوەشی بۆ کوردستان، یاسینی گۆڵپارێز گوتی "کوردستان ماڵی ئێمەیە، من هەموو کات خۆم ئامادە کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و خزمەتکردنی وەرزشی وڵاتەکەم". هەروەها گوتیشی "ئاواتی هەموو یاریزانێکە یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات، بۆ منیش جێگەی شانازییە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم".





# هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە

لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم ووردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی هەفتانە: تەنها بە 7,000 دینارە و بۆ ماوەی 7 ڕۆژ بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com



دووڕوو نیم

پاولینیـۆی یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی گوانجزۆ ئیڤرگراندی چینی، رایگەیاند یانەی بارسا منی دەوێت و منیش دەمەوێ بچمە ئەو یانەیە. پاولینیۆ لەو بارەوە گوتی «من دووڕوو نیم، پیاوێکی راشکاوانەو راستگۆم، وەک هەندێ یاریزان شت ناشارمەوە، بەڵێ بارسیلۆنا داوای گرێبەستم لێدەکات، منیش درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم حەزناکەم بچمە بارسـا، دەمەوێ بۆ ئەو یانە گەورەیە یاری بکەم».

KOREK Telecom

پرسیارێکی قورس سانتۆس تووڕە دەکات؟!

# ”پورتوگال بە رۆناڵدۆ یان بەبێ رۆناڵدۆ باشترە“

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

رۆژنامەنووسیان پرسیارێکی قورس رووبەڕووی فرناندۆ سانتۆسی راهێنەری هەڵبژاردەی پورتوگال کردەوە، کە بووە هۆی تووڕەبوونی، بەڵام کۆنترۆلی خۆی کردو وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە؟.

فرناندۆ سانتۆس، راهێنەری هەڵبژاردەی پورتوگال، کۆمێنتی لەسەر ئەوەدا، گوایە ئاستی تیپەکەی لەو یارییانە باشتر دەبێت، کە کاپتنەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ یاری نەکات، ئەوەش دوای بردنەوە لە مەکسیک، لە یاری دیاریکردنی خاوەنی پلەی سێیەم لە جامی کیشوەرەکان 2017 بوو.

سانتۆس ئەو بیرۆکەیەی بەتەواوی رەتکردەوە و دووپاتی کردەوە ”رۆناڵدۆ بۆ شێوازی یاریکردنی پورتوگال زۆر بەسوودە“. هەروەها روونیشی کردەوە ”لۆژیک نییە، تیپەکەمان بەبێ باشترین یاریزانی جیهان باشتر بێت“. سانتۆس گوتی ”باوەڕ ناکەم پورتوگال، بەبێ باشترین یاریزان لە جیهاندا، بتوانێت باشتر یاری بکات، بەهەر حاڵ ناتوانین تیپەکە لەو جیا بکەینەوە، یان ئەو لە تیپەکە جیا بکەینەوە“. هەروەها گوتیشی ”باشترین یاریزان لە جیهاندا، هەر بە باشترین یاریزان لە جیهاندا دەمینێتەوە، پورتوگالیش بەبێ ئەو ناتوانێت ئاستێکی باشتر پێشکەش بکات. لە هەمانکاتیشدا، ئێمە کۆمەڵێک یاریزانی نایاب و یەکگرتوومان هەیە“.



”پێویستی بەوە نییە کەس لەجیاتی ئەو پارەی سزادانەکەی بدات“..

# ئینستاگرام پارە بەسەر دۆندا دەبارێنێت



”رۆناڵدۆ هەفتانە 6 قاتی مووچەکەی لە ئینستاگرام وەردەگرێت“

**رووداوی وەرزشی ـ DAILY MAIL**

هەندێ لە چاودێران بەدووری دەزانن کریستیانۆ رۆناڵدۆ مەرجی دانەوەی پارەکە بخاتە بەردەم ریال مەدرید، بەو پێیەی بێجگە لە مووچەکەی داهاتێکی زۆری دێتە دەست، بۆ نموونە تەنیا بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لەسەر لاپەڕی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (ئینستاگرام) بەدرێژایی هەفتە پارەیەکی خەیاڵی دەستدەکەوێ، کە لە شەش قاتی مووچەی ئێستای لەگەڵ یانەی شاهانە زیاترە.

رۆناڵدۆ لە بڵاوکردنەوەی هەر وێنەیەکی لە ئینستاگرام 310 هەزار پاوەندی دەستدەکەوێ، بۆ زانین لە دوایین هەفتەدا 7 وێنەی بڵاوکردووەتەوە، رۆژی وێنەیەک، بەمەش بڕی 365 هەزار پاوەندی دەست کەوتووە، کە هاوتای شەش قاتی مووچەی هەفتانەیەتی لەگەڵ ریال مەدریدا.

بە گوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، رۆناڵدۆ خاوەنی سێیەم بەرزترین داهاتە لە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لەسەر ئینستاگرمدا، دوای کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی سیلینا گۆمیز، کە 425 هەزار پاوەند وەردەگرێت، لەگەڵ خانمە ئەستێرە ژینوار کیم کاردشیان، کە لە بڵاوکردنەوەی هەر وێنەیەکی بڕی 387 هەزار پاوەند وەردەگرێت.

رۆناڵدۆ نزیکەی 106 ملیۆن سەوداسەری هەیە، لەسەر هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەو کاتەی سیلینا گۆمیز 122 ملیۆن و کاردشیانیش 100 ملیۆن سەوداسەریان هەیە. ئەو ئامارە لەو کاتەدایە، کە مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئایندەی رۆناڵدۆ لەگەڵ ریال مەدرید لە ئارادایە، دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا بە خۆدزینەوە لە دانی باج تۆمەتباریان کرد، بۆیە بیر لە رۆیشتنی لە ریال مەدرید دەکاتەوە.

بۆ مانەوە لە ریال مەدرید..

# رۆناڵدۆ 3 مەرجی هەیە

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

هەندێک لە سەرچاوە رۆژنامەڤانییەکانی ئیسپانیا، ئاشکرایانکرد کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، بە بەرپرسانی یانەکەی راگەیاندووە ئەو دەیەوێ لە یانەی شاهانە بمێنێتەوە، بەڵام 3 مەرجی هەیە.

## 3 مەرج

بەپێی ئەو سەرچاوانە، ئەگەر فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریال مەدرید و بەرپرسانی ئەو یانەیە بیانەوێ رۆناڵدۆ لەدەست نەدەن پێویستە ئەو 3 مەرجە بەجێبێنن، کە رۆناڵدۆ خستووینەتە بەردەمیان.

وەک ئەو سەرچاوانە ئاماژەی بۆ دەکەن، مەرجی یەکەمی رۆناڵدۆ ئەوەیە لەجیاتی ئەو ریال مەدرید ئەو پارەیە بدات، کە وەک سزایەک بۆ خۆدزینەوە لە باج لەلایەن دادگاوە لێیوەردەگیرێتەوەو بڕەکەی 14.7 ملیۆن یۆرۆیە.

بەپێی ئەو سەرچاوانە مەرجی دووەمی رۆناڵدۆ بۆ مانەوە لە ریزەکانی یانەی شاهانە ئەوەیە ریال مەدرید وەک پاداشتێک بۆ ئەو رۆڵەی ئەمساڵ دۆن بینیویەتی لە بردنەوەی هەردوو نازناوی لالیگا و چامپیۆنزلیگ لەلایەن یانەی شاهانەوە، گرێبەستەکەی بۆ هەموار بکرێتەوەو مووچەکەی زیاتر بێت لەو مووچەیەی یانەی بارسیلۆنا بەپێی گرێبەستێکی نوێ بە لیۆنێل مێسی رکابەری دەدات، کە زیاتر لە 30 ملیۆن یۆرۆی ساڵانەیە.

ئەو سەرچاوە رۆژنامەڤانیانە، سەبارەت بە مەرجی سێیەمی رۆناڵدۆ، گوایە بۆ مانەوە لە ریال مەدرید خستوویەتە سەر مێزی بەرپرسانی یانەی شاهانە، دەڵێن ”رۆناڵدۆ داوای لە ریال مەدرید کردووە هەڵمەتێکی گەورەی راگەیاندنی بۆ ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ناوبانگی بۆ بگەڕێننەوەو وەک پیاوی یەکەمی ریال مەدرید بناسێننەوە، چونکە کریستیانۆ رۆناڵدۆ پێیوایە ئەو تۆمەتانەی بەمدواییە دادگای ئیسپانی داویەتە پاڵی، ناوبانگی ناشیرین کردووە“.

## زیدان بۆ رۆناڵدۆ: بەبێ تۆ ئێمە تیپێکی سەرکەوتوو نین

### رۆناڵدۆ دەترسێت

ماڵپەڕی بێرنابیۆ دیجیتالی ئیسپانی، کە بە یەکێک لە باوەڕپێکراوترین سەرچاوەکانی هەواڵ ناسراوە، ئاشکرایکردووە کێشەی رۆناڵدۆ لە دانەوەی پارە نییە، ئەو لەوە دەترسێت دادگا بەزەیی پێدا نەهێتەوەو سزای زیندانی بەسەردا بسەپێنێت، کە ئەوکات رۆناڵدۆ هەرگیز بەرگەی ئەوە ناگرێت.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەندێک لە چاودێران و یاساناسان

## یاساناسان: دادگا هەرگیز نەرمی بەرامبەر رۆناڵدۆ نانوێنێت

پێیانوایە دادگا هەرگیز نەرمی لە بەرامبەر رۆناڵدۆ نانوێنێت.

وەک ئەو ماڵپەڕە باسی دەکات، ئەم ترسەی رۆناڵدۆ لەوانەیە وایلێبکات جارێکی دیکە بیر لە رۆیشتن لە ریال مەدرید بکاتەوەو لەوە پاشگەزبێتەوە کە بە بەرپرسانی ریال مەدریدی گوتووە ”من هەر لە ریال مەدرید دەمێنمەوە“.

### پێرێز نایپارێزێت

هەر هەمان ماڵپەڕە ئاشکرایکردووە رۆناڵدۆ داوای لە فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی شاهانە کردووە بەرگری لێبکات و هێز و دەستەڵاتی خۆی بەکاربێنێت بۆ پاراستنی ئەو لە دادگا. بەڵام وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، پێرێز دواتر بە هەندێک لەوانەی نزیکن لە خۆی گوتووە ”من بەهیچ شێوەیەک دەست ناخەمە نێو کارەکانی دادگا، من هێز و دەستەڵاتی خۆم بۆ پاراستنی کەس بەکارناهێنم، چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەین لە 31/7/2017 بۆ ئەوەی بزانین چی روودەدات“.

ئەو ماڵپەڕە هەروەها دەشڵێت ”لەوانەیە دوای ئەو مێژووە رۆناڵدۆ بڕیاری خۆی بگۆڕێت و بە ناچاری لە ریال مەدرید و تەنانەت لە ئیسپانیاش بڕوات“.

### زیدان یاریزانەکانی تووڕە دەکات

زەینەدین زیدانی راهێنەری یانەی شاهانە دەیەوێ بە هەر نرخێک بێت، رۆناڵدۆ بەوە رازی بکات لە یانەکە بمێنێتەوە، بۆیە لەو پێناوەدا زیدان ئامادەیە بەهەر رێگەیەک بێت پەسنی رۆناڵدۆ بدات، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی هەستی هاوڕێیانیشی بێت.

لەو بارەوە تۆڕی دیاریۆ مەدریدیستای ئیسپانی رایگەیاند، زیدان لەم رۆژانەدا تەلەفۆنی بۆ رۆناڵدۆ کردووەو پێیگوتووە ”ئێمە بەبێ تۆ تیپێکی سەرکەوتوو نین“. بەپێی ئەو سەرچاوەیە ”رۆناڵدۆ ئەم قسانەی زیدانی زۆر پێخۆش بووە، بەڵام زیدان بەم قسانەی زۆر لە یاریزانەکانی تووڕە کردووە، چونکە قسەکانی زیدان بە واتایەکی دیکە کەمکردنەوەیە لە رۆڵی ئەوان لە سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی ریال مەدرید“.

### مۆدریچ: رۆناڵدۆ ناتوانێت لە ریال جیابێتەوە

لۆکا مۆدریچی ئەستێرەی کرواتی یانەی شاهانە، سەرەڕای هەموو ئەوەی لەبارەی رۆیشتنی کریستیانۆ رۆناڵدۆوە لە دەزگاکانی راگەیاندن دەگوترێت، بڕوا بەوە ناکات ئەستێرەی پورتوگالی لە ریال مەدرید بڕوات.

مۆدریچ، لەو بارەوە لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی مارکای مەدریدی، گوتی ”رۆناڵدۆ لە ریال مەدرید دەڕوات؟ بڕوا ناکەم ئەوە رووبدات، هەرچەندە لە تۆپی پێدا هەموو شتێک روودەدات، بەڵام ئەمەیان زۆر زەحمەتە“.

لۆکا مۆدریچ، هۆکاری ئەوەی روونکردەوە کە بۆچی بڕوا بە رۆیشتنی رۆناڵدۆ ناکات و گوتی ”قەت گوێم لە رۆناڵدۆ نەبووە بڵێت لە ریال مەدرید دڵخۆش نیم یان دەڕۆم، بێجگە لەوەش پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لەنێوان رۆناڵدۆ و ریالدایە کە پێموایە ئەو پەیوەندییە هەرگیز رێگە نادات ئەو دووانە لێکجیاببنەوە“.

### بە قسەی نزیکەکانی دەکات

سەرەڕای ئەو هەموو هەواڵە، رۆژنامەی ASی ئیسپانی، رایگەیاند رۆناڵدۆ بڕیاریداوە تاوەکو کۆتایی ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ریال مەدرید بەردەوام بێت، کە لە 2021 کۆتایی دێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە هەندێک لە نزیکەکانی بڕوایان پێ هێناوە لە یانەکەی بمێنێتەوە.

رۆژنامەی ناوبراو لەو بارەوە دەڵێت ”هەرچەندە رۆناڵدۆ تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی هیچ لێدوانێکی نەداوە لەبارەی مانەوە یان رۆیشتنی لە ریال مەدرید، بەڵام بەهۆی رێنمایی هەندێک لە هاوڕێ و نزیکەکانی بڕیاریداوە لە ریال مەدرید بمێنێتەوەو تەنانەت ئامادەباشی خۆیشی بۆ وەرزی نوێ راگەیاندوە“.

”پێویستە ریال مەدرید مووچەی رۆناڵدۆ لە مووچەی مێسی زیاتر بکات“

”رۆناڵدۆ داوای لە پێرێز کردووە دەستەڵاتی خۆی بەکاربێنێت بۆ پاراستنی لە دادگا“





## ئاشتکەرەوەیە

دوای ئەوەی جۆسێپ ماریا بارتۆمیۆی سەرۆکی بارسێلۆنا بەئاشکرا رەخنەی لە کاپتنی پێشووی یانەکەی، کارلیس پویۆل گرت بەهۆی ئەوەی ئیریک گارسیای یاریزانی لاماسیای بردووەتە ریزەکانی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی، پویۆل پەیوەندی بە چەند یاریزانێکی بارساوە کردووەو پێیگوتوون لە راگەیاندنەکانەوە وەڵامی بارتۆمیۆ دەداتەوە. بەڵام ئەندرێس ئینێستای کاپتنی بارسا بە تەلەفۆن پەیوەندی بە پویۆل و بارتۆمیۆوە کردووەو هەردوو لای ئاشتکردووەتەوە.

ئەوەی لەبارەی لۆکاکۆی یاریزانی نوێی مانچێستەر یونایتد نازانی..

# 6 زمان دەزانێت و لەپێش رۆناڵدۆ و سوارێز دێت

## "بێئەوەی مەشقی ئاسن بکات خاوەنی جەستەیەکی زۆر بەهێزە"



**رووداوی وەرزشی - MU4**

یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، بە بڕی 75 ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی لەگەڵ رۆمیلۆ لۆکاکۆی هێرشبەری تەمەن 24 ساڵی هەڵبژاردەی بەلجیکا کردو بووە دووەم گرانترین گرێبەست لە مێژووی یانەکەدا.

لۆکاکۆ بێجگە لەوەی گۆڵکارێکی ناوازەیە، ژیانێکی پڕ لە نهێنیشی هەیە، کە لەوانەیە تاوەکو ئێستا زۆر لە خەڵکی زانیارییان لەسەر هەندێک لەو نهێنیانە نەبێت:

### خێزانێکی وەرزشوان

باوکی رۆمیلۆ ناوی رۆجەر میناما لۆکاکۆیە، پێشتر یاری بۆ هەڵبژاردەی زائیر (کۆنگۆی دیموکراتی) کردووە. لە ساڵی 1990 تاوەکو 1999 وەک یاریزانێکی پیشەگەر یاری لە بەلجیکا کردووە. جۆردانی برا بچووکی لۆکاکۆ یاریزانێکی پیشەگەرەو یاری بۆ یانەی لازیۆی ئیتاڵی دەکات، هەروەها هاوشانی لۆکاکۆ یاری بۆ هەڵبژاردەی بەلجیکاش دەکات. هەروەها بۆلی بۆلینگۆلی مبۆمبۆی هاوڕێی نزیکیشی یاری بۆ یانەی رابید ڤیەننای نەمسایی دەکات.

### زمانزانە

لۆکاکۆ زۆر بە باشی توانای قسەکردنی بە 6 زمان هەیە، کە بریتین لە فەرەنسی، هۆڵەندی، ئینگلیزی، پورتوگالی، ئیسپانی و کۆنگۆلی. هەروەها لە زمانی ئەڵمانیش تێدەگات، بەڵام لە قسەکردن بەو زمانە زۆر شارەزایی نییە.

### خەونێکی بەتاڵ

ساڵی 2009 لۆکاکۆی یاریزانی ئەوکاتەی یانەی ئەندرلەختی بەلجیکی، رایگەیاند "خەونی گەورەم ئەوەیە یاری بۆ یانەی چێلسی ئینگلیزی بکەم". ساڵی 2011 خەونی لۆکاکۆ هاتەدی و بە گرێبەستێک چووە ریزەکانی یانەی لەندەنی، بەڵام لە 15 یارییدا هیچ گۆڵێکی نەکردو لەلایەن چێلسییەوە بەشێوەی خوازراو درایە یانەی ویست برۆمیچ ئەلبیۆن و دواتریش چووە ئێڤێرتۆن.

### ئاڵوودەی پریمەرلیگە

یەکێک لەو سیفەتانەی لۆکاکۆ پێی ناسراوە، ئەوەیە کە ئاڵوودەیە بە سەیرکردنی یارییەکانی پریمەرلیگ. یاریزانی ناوبراو ساڵی 2013 لە هەڤپەیڤینێکدا، گوتی "سەیری هەموو خولەکێکی یارییەکانی پریمەرلیگ دەکەم، چونکە دەمەوێ لە جوولەی ئەستێرەکانی فێرە شتی زۆرتر بم و هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازی بەرگریکردنی بەرگریکاران".

### لەپێش رۆناڵدۆ و سوارێزە

لۆکاکۆ لە رووی گۆڵکردنەوە لە تەمەنی 24 ساڵیدا لەپێش زۆر لە هێرشبەرە بەناوبانگەکانی جیهانە، لەوانەش کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی و لویس سوارێزی ئەستێرەی ئۆرۆگوایی.

رۆمیلۆ لۆکاکۆ، کە تەمەنی 24 ساڵە، تاوەکو ئێستا 165 گۆڵی کردووە، لە کاتێکدا کریستیانۆ رۆناڵدۆ لەو تەمەنەدا 145 گۆڵی کردبوو. لویس سوارێزیش لە تەمەنی 24 ساڵیدا 164 گۆڵی کردبوو. هەروەها ئالان شیراری هێرشبەری ئینگلیزی لەو تەمەنەدا 141 گۆڵی کردبوو. گۆنزلۆ هیگواینی ئەرجەنتینیش لە هەمان تەمەندا 134 گۆڵی تۆمارکردبوو. هەروەها تێری هێنری هێرشبەری بەناوبانگی فەرەنسیش لە تەمەنی 24 ساڵیدا 125 گۆڵ و زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی سویدیش 110 گۆڵی کردبوو. تەنیا یاریزان کە لەو تەمەنەدا لە لۆکاکۆ باشتر بووە، لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینییە، کە ئەوکاتەی تەمەنی گەیشتە 24 ساڵ ژمارەی گۆڵەکانی گەیشتبووە 253 گۆڵ.

رۆمیلۆلۆکاکۆ، یەکەم یاریزانی بیانییە بەر لە تەواوکردنی تەمەنی 24 ساڵی زیاتر لە 80 گۆڵ لە پریمەرلیگدا تۆمار بکات، کە تاوەکو ئێستا 85 گۆڵی لەو خولەدا تۆمارکردووە.

### نموونەی بەرزی

لەنێو سەرجەم هێرشبەرانی جیهاندا، دیدی درۆگبای هێرشبەری کوتدیڤواری نموونەی بەرزی لۆکاکۆیە، کە لەبارەی ئەو هێرشبەرەوە دەڵێت "هەر لە منداڵییەوە بە درۆگبا سەرسام بووم، دواتر قەدەری خوا وابوو لەگەڵیدا یاری بکەم".

### هێزی جەستەیی

کە سەیری جەستەی لۆکاکۆ دەکرێت وەک یاریزانێکی لەشجوانی دێتە بەرچاو، خاوەنی هێزێکی جەستەیی زۆر و ماسوولکەی بەهێزە، وا دەردەکەوێت بایەخێکی زۆر بە مەشقی ئاسن بدات، بەڵام ئەو دەڵێت "لە هەموو ژیانمدا یاری و مەشقی ئاسنم نەکردووە، ئەو توانا و بەهێزیی جەستەیە لەلایەن خواوە پێم دراوە".

## پێشتر بەپێچەوانەی ئۆزیل و هیگواین مەرجێکی ریالی قبوڵ نەکردووە..



# کەس ناتوانێت رێگە لە رۆیشتنی خامیس بۆ بارسا بگرێت

**رووداوی وەرزشی - CNBC**

رۆژنامەیەکی بەریتانی، ئاشکرایکرد ئەگەر خامیس رۆدریگزی یاریزانی کۆلۆمبی، بیەوێ بچێتە یانەی بارسێلۆنا، کەس ناتوانێت رێگەی لێبگرێت، چونکە پێشتر خامیس حسابی بۆ ئەو ئەگەرە کردووە.

رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی، لە راپۆرتێکدا دووپاتیکردەوە کە رۆیشتنی خامیس لە ریال مەدرید یەکلاییبووەتەوە، بەڵام هێشتا ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە کە دەچێتە کام یانە.

بەپێی ئەو رۆژنامەیە، خامیس دەتوانێت بچێتە ریزەکانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانیش ئەگەر بیەوێ، چونکە بەپێی بەندێکی گرێبەستەکەی لەگەڵ ریال مەدرید کەس ناتوانێت رێگە لە رۆیشتنی بۆ یانەی کەتالۆنی بگرێت.

دەیلی ستار، لەو بارەوە نووسیویەتی "ریال مەدرید لە گرێبەستی هەریەک لە مەسعود ئۆزێل، ئەنخێل دی ماریا و گۆنزالۆ هیگوایندا مەرجی ئەوەی دانابوو کە دوای رۆیشتن لە ریال مەدرید بۆیان نییە بچنە ریزەکانی بارسێلۆنا، بەڵام رۆدریگز ئەوکاتەی گرێبەستی لەگەڵ ریال مەدرید کرد، رازی نەبوو ئەو مەرجە لە گرێبەستەکەیدا هەبێت".

پێشتر راگەیاندنەکان باسیان لەوە کردووە کە هەردوو ئەستێرەی بارسێلۆنا، لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی و نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ خامیسدا هەیە و چەندینجار داوایان لێکردووە بێتە ریزەکانی بارسێلۆنا، بەڵام هێشتا هەڵوێستی رۆدریگز لەو بارەوە زانراو نییە.



"لەبەر یۆرۆی لاوان تاقیکردنەوەکانی بۆ دواخرابوون، بەڵام دواتریش پەیوەندی بە قوتابخانەکەیەوە نەکردووە"

لە ئیتاڵیا بە "بێباک و کەمتەرخەم" وەسفکرا..

# دۆنارۆما خۆی لە تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ دەدزێتەوە

**رووداوی وەرزشی - GULF NEWS**

دەزگاکانی راگەیاندن لە ئیتاڵیا و تەنانەت لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەروەردەو خوێندنیش رەخنەی توندیان لە جیانلویجی دۆنارۆمای گۆڵپارێزی یانەی ئەی سی میلان گرت، نەک لەبەرئەوەی پێشتر ویستوویەتی ریزەکانی میلان جێبهێڵێت، بەڵکو لەبەر بێباکی و کەمتەرخەمییەکانی.

دەزگاکانی راگەیاندن لە ئیتاڵیا، ئاشکرایانکرد کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەروەردەو خوێندن زۆر تووڕەن لە دۆنارۆما، چونکە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ لە قۆناخی دواناوەندی جێهێشتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ کچە دۆستەکەی گەشت بکات.

بەپێی ئەو سەرچاوانە، لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەروەردەو خوێندن لە بەیاننامەیەکدا رەخنەیان ئاراستەی دۆنارۆما کردووەو تێیدا هاتووە "لە کاتێکدا بەجیاوازی هەموو قوتابیانی دیکە رەچاوی بارودۆخی دۆنارۆما کراوەو تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵی بۆ دواخراون بەهۆی بەشداریکردنی لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپای لاوان، کەچی لەدوای پاڵەوانیەتییەکە ئەو پەیوەندی بە تاقیکردنەوەکانەوەو نەکردووەو لەگەڵ دۆستەکەی گەشتی دوورگەی ئیبیزای کردووە".

لە کاتێکدا کە هەمووان چاوەڕوان بوون دۆنارۆما لەدوای یۆرۆی لاوان دەست بە تاقیکردنەوەکانی بکات، لە راگەیاندنەکانەوە وێنەکانی بڵاوبوونەوە، کە لەگەڵ دۆستەکەی لە ئیبیزا کاتی خۆش بەسەردەبەن، بۆیە لە ئیتاڵیا بە "بێباک و کەمتەرخەم" ناوبرا.


KOREK Telecom

تەنها بۆ تۆ
ئۆفەری نایابی کورەك




مەهێڵە هیچ نامەیەکی (کورەك)ت لەدەستبچێ...
بەردەوام نامەی وەرگیراوت بخوێنەوە بۆ ئەوەی سوودمەندبیت لە ئۆفەری ناوازە.

korektel.com
411

## لاری نییە

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی، پێشبینی ئەوەی کرد لۆکا مۆدریچ بە بیرۆکەی چوونە ریزەکانی میلانی ئیتاڵی رازی بێت. ڕۆژنامەکە تیشکی خستە سەر ئەژماری مۆدریچ لە ئینستاگرام، دوای ئەوەی جەماوەری میلان وێنەیەکی مۆدریچیان بە درێسی میلان دیزاین کرد، بەوەی دەیانەوێ لۆکا بچێتە ریزەکانی تیپەکەیان، مۆدریچ لایکی لەسەر وێنەکە کردووە، ئەوەش ئەگەرەکانی چوونی بۆ ریزەکانی میلان خستە سەرپشت.



”ئەوەی لە راگەیاندنەکان بڵاوکراوەتەوە تەنیا نیوەی مووچە راستەقینەکەی مێسییە“

”مێسی لە مانگێکدا دەتوانێت دەبابەیەکی چینی یان 5 ئۆتۆمبێلی لامبۆرگینی بکڕێت“



گرێبەستە تازەکەی لیۆنێل خەیاڵییە..

# داهاتی مێسی لە داهاتی نەتەوەیی هەندێ وڵات زیاترە

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، تازەکردنەوەی گرێبەستی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لیۆنێل مێسی تاوەکو ساڵی 2021 راگەیاند، کە دوای گەڕانەوەی لە مانگی هەنگوینی لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەنتۆنێلا، بە فەرمی گرێبەستەکە واژوو دەکات، بەمەش مێسی دەبێتە خاوەن مووچەیەکی گەورە، کە خۆی لە 32 ملیۆن یۆرۆی ساڵانە دەدات، ئەمە بەپێی ئەوەی راگەیێنراوە، بەڵام هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەوەی ئاشکراکراوە تەنیا نیوەی مووچە راستەقینەکەیە.

ئەو برە زۆرەی مێسی تاوەکو ساڵی 2021 لە بارسێلۆنا وەری دەگرێت، مانای وایە مانگانە بڕی 2.7 ملیۆن یۆرۆ، هەفتانە 570 هەزار یۆرۆ، ڕۆژانە 82 هەزار یۆرۆ و هەر کاژێرێک 3495 یۆرۆ وەردەگرێت، هەر خولەکێکی مێسیش بە نزیکەی 60 یۆرۆ مەزەندە دەکرێت. کەسێک مانگانە ئەوەندە پارەیەی دەستکەوێت، دەتوانێ چی بکات؟.

سەرەتا بە2.7 ملیۆن یۆرۆ مانگانە دەستپێ دەکەین، کە دەکاتە نزیکەی 3 ملیۆن دۆلار، هەر کەسێک ئەو برە پارەیەی لەبەردەست بێت، دەتوانێت 6 ئۆتۆمبێل لە جۆری (لامبۆرگینی

”بە مووچەی یەک ڕۆژی مێسی دەتوانی براندێکی بازرگانی وەک کۆمپانیای سابوای بکڕی“

ئیڤانتادۆر 2017) بکڕێت، کە نرخی هەر یەکێکان نزیکەی 450 هەزار یۆرۆیە، واتە بە مووچەی مانگێکی مێسی، دەتوانی 6 ئۆتۆمبێلی لەو جۆرە بکڕی (کە بە کەمتر لە دوو چرکە دەتوانێت بگاتە خێرایی 100 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا).

هەر کەسێک مووچەکەی مێسی لەبەردەست بێت، دەتوانێت تانکێکی لە جۆری ZTZی چینی بکڕێت، کە دەیەم باشترین تانکە لە جیهاندا. هەروەها بە مووچەی یەک هەفتەی مێسی، کە 570 هەزار یۆرۆیە (نزیکەی 600 هەزار دۆلار)، دەتوانی دورگەی LIT-TLE HARVEST CAYEی ئەمریکی بکڕی، کە نرخەکەی نزیکەی 400 هەزار دۆلارە، یان دورگەی (شور)ی کەنەدی بکڕی، کە نرخەکەی نزیکەی 578 هەزار دۆلارە، یان دورگەی (ئەمپێرگیس) لە دورگەکانی کاریبی بکڕی، کە نرخەکەی نزیکەی 525 هەزار دۆلارە. بە یەک ڕۆژی مووچەکەی مێسی، کە 82 هەزار یۆرۆیە (نزیکەی 92 هەزار دۆلار)، دەتوانی سێجار فرۆکەیەکی تایبەت بە کرێ بگری، یان دەستەیەکی ئاسایشی تایبەت بەخۆت بۆ ماوەی یەک ساڵ دامەزرێنی، ئەنگوستیلە بەناوبانگەکەی کۆپی براینت بکڕی، یان براندێکی بازرگانی وەک کۆمپانیای (سابوای) بۆ خواردەمەنییەکان بکڕی، کە بەهاکەی نزیکەی 90 هەزار دۆرە لە بازاڕدا. هەروەها بەیەک کاژێری مووچەکەی مێسی، کە 3495 یۆرۆیە (4 هەزار دۆلار)، دەتوانی هەموو کاژێرێک 27 ژەمە خۆراک لە چێشتخانەی (ماکدۆناڵدز) بکڕی، کە نرخەکەی 6 دۆلارە، واتە دەتوانی بڕی 166 دۆلار لە هەر 60 خولەکێکی ئەو مووچەیەدا خەرج بکەی.

مێسی لە هەفتەیەکدا دەتوانێت 14 کیلۆ زێڕ بکڕێت. یان دەتوانێت 1600 تۆن برنج یان 3 هەزار تۆن گەنم بکڕێت. داهاتی مێسی لە داهاتی نەتەوەیی هەندێ وڵاتی وەک دورگەی مارشال و ناورۆ و تۆڤالۆ زیاترە.

”لیۆ بە مووچەی ڕۆژێکی دەتوانێت دەستەیەکی ئاسایشی تایبەت بەخۆی بۆ ماوەی ساڵێک دامەزرێنێت“

## مێسی یەکەمی ئەوروپا و جیهانە

ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنا، توانی ببێتە خاوەن زۆرترین مووچە لە ئەوروپا و جیهان، دوای ڕێککەوتن لەسەر گرێبەستە تازەکەی لەگەڵ بارسادا، هەرچەندە وا بڵاوکرایەوە کە بووە خاوەنی دووەم زۆرترین مووچە لە جیهان، دوای هاونیشتمانییەکەی کارلۆس تیڤێز، کە لە خولی چین یاری دەکات، بەڵام هەندێ سەرچاوە ئاشکرایانکردووە کە مووچەی مێسی زۆر لەوە گرانترە کە بڵاوکراوەتەوە. کەچی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی، لە پلەی دووەمی ئەوروپا و پێنجەمی جیهان دێت. ریزبەندی ئەو یاریزانانەی تۆپی پێ، کە زۆرترین مووچە وەردەگرن لە جیهاندا، بەمشێوەی لای خوارەوەیە:

1 ـ لیۆنێل مێسی (1 ملیۆن پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
2 ـ کارلۆس تیڤێز (650 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
3 ـ ئیزیکیل لاڤێتزی (400 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
4 ـ ئۆسکار (400 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
5 ـ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (365 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
6 ـ گرازیانۆ بیلی (350 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
7 ـ گاریس بەیڵ (350 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
8 ـ هۆلک (320 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
9 ـ ئێکسل ڤیتسل (302 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.
10 ـ واین ڕۆنی (300 هەزار پاوەند) لە هەفتەیەکدا.



## کەپڵە کۆنەکەی ژنی مێسی دەرکەوت..

# ”هەر باشبوو لەبەر مێسی منت جێهێشت“

**رووداوی وەرزشی ـ TANGO**

دۆستی پێشووی ئەنتۆنێلا روکۆزۆ، هاوسەری لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی، گەڕایەوە سەر خەت و نیگەرانی خۆی بۆ لەدەستدانی ئەنتۆنێلا راگەیاند. بۆیە پێشبینی دەکرێت لێدوانەکانی ئەو کوڕە کێشەکانی هەردوو خانەوادەی مێسی و ئەنتۆنێلا قوڵتر بکات.

کوڕە دۆستە کۆنەکەی ئەنتۆنێلا هەستی لە بەرامبەر لەدەستدانی کەپڵە کۆنەکەی لە بەرژەوەندی لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی بارسێلۆنا دەربڕی، کە بەمدواییە هاوسەرگیرییان کرد، دوای پەیوەندییەکی درێژخایەن. ئاهەنگی هاوسەرگیری فەرمی مێسی و ئەنتۆنێلا، هەینی رابردوو بە ئامادەبوونی ناوبانگەکانی تۆپی، بەتایبەتی لە یانەی بارسێلۆناوە، لە شاری ڕۆساریۆی زێدی مێسی بەڕێوەچوو.

بە گوێرەی کچە دۆستێکی ئەنتۆنێلا، کە لێدوانی بۆ گۆڤاری (بارا تی)ی ئەرجەنتینی داوە، مێسی و ئەنتۆنێلا لە تەمەنی 10 ساڵییەوە یەکدی دەناسن، لە تەمەنی هەرزکارییەوە پەیوەندییان هەیە، پەیوەندی نێوانیشیان بە رژدی ساڵی 2007 دەستپێکردووە، بەڵام ئەنتۆنێلا دوای ئەوەی مێسی چووە بارسێلۆنا، ماوەی چەند ساڵێک پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا هەبوو، بەڵام کە زانی مێسی دەگەڕێتەوە ئەرجەنتین، پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە بە کۆتا هێنا، چونکە دەیویست بگەڕێتەوە لای مێسی.

ئەو کوڕە، کە گۆڤارەکە ناوی نەهێناوە، بە شێوازێک قسەی کردووە، کە پێدەچێ لە شەیدایانی مێسی بێ و گوتی ”وازی لێهێنام، بەڵام هەر هیچ نەبێ بۆ کەسێکی سادە وازی لێنەهێناوم، ئەو لەپێناوی مێسی منی جێهێشت“. ئەو کوڕە رووی قسەکانی لە ئەنتۆنێلا دەکات و دەڵێت ”هەر باشبوو لەپێناو مێسی منت جێهێشت“.

”دۆستە کۆنەکەی ئەنتۆنێلا یەکێکە لە شەیدایانی مێسی“



نهێنییەک لەبارەی خراپی پەیوەندی نێوان مێسی و ماڵە خەزورانی..

# خێزانی مێسی و ئەنتۆنێلا تەبا نین

**ئا: رووداوی وەرزشی**

هەرچەندە هەموو لەسەر سەرکەوتنی ئاهەنگی هاوسەرگیریی لیۆنێل مێسی لە هەموو لایەنێکەوە کۆک بوون، کەچی چەند کاژێرێکی کەم دوای ئاهەنگەکە، بۆ ڕۆژنامەکانی ئەرجەنتین بەس بوو، بۆ ئەوەی هەندێ کێشەی شاراوە ئاشکرا بکەن، کە بەدرێژایی ڕۆژەکانی پێش ئاهەنگەکە و لە کاتی بەڕێوەچوونیشی روویانداوە.

هەندێک لە ڕۆژنامەکان رایانگەیاند خێزانی بووک و زاوا تەبا نەبوون، هەرچەندە بەرامبەر مێوانەکانیان خۆیان وا نیشان نەدا، کێشە لەنێوانیاندا هەیە. یەکێک لەو خاڵانەی ئەو سەرچاوانە ئاشکرایان کردووە ئەوەیە، دوو قاتی جیا بۆ خێزانی مێسی و ئەنتۆنێلا لە هوتێلی (ستی سەنتەرز)، کە ئاهەنگەکەی لە ئامێزگرت ئامادەکرابوو، ئەوەش بە داواکاریی و پەرۆشی هەردوولا بوو، تاوەکو هیچ بەگژیەکداچوونێک روونەدات و ببێتە هۆی تێکچوونی ئەو شەوە مێژووییە.

”لە ئاهەنگی مێسی و ئەنتۆنێلادا خانەوادەی هەردوولا بەجیا دانیشتوون“

### سوپاسکردن و پیرۆزبایی

لەو کاتەی ڕۆژنامەکانی ئەرجەنتین، پێیان باشتربوو خێزانی بووک و زاوا لە ململانێیەکی شاراوە بگلێنن، کە لە کاتی ئاهەنگی هاوسەرگیریی سەدە روویدا، ئەنتۆنێلا موکڕبوو لەسەر ئەوەی ئاهەنگی چوونی بۆ نێو قەفەسی زێڕین تێکنەدات، دوای ئەو پەیوەندییەی ساڵانێکی درێژی لەگەڵ باوکی دوو کوڕەکەی خایاند،بۆی ئەنتۆنێلا لە یەکەم هەنگاویدا لەسەر لاپەڕەی فەرمی خۆی لە (ئینستاگرام) پەیامی سوپاسگوزاریی ئاراستەی هەموو ئەوانە کرد، کە داوەتنامەکەیان قبوڵ کردبوو و بەشداریی خۆشییەکانی ئەویان کردبوو، لە پەیامێکی درێژدا وتەی سەرفرازیی و رەزامەندیی لەو ئاهەنگە ئەفسانەییەدا پێشکەش کردن، هەرچی زاوایە، کە ئەویش سوپاسی مێوانەکانی لە ڕۆساریۆ کردبوو، لەسەر وەرگرتنی ئەو هەموو پەیامی پیرۆزباییانەی کە بەردەوام پێی دەگەیشتن، دواترینشیان دۆستی سەرۆکی بۆلیڤیا ئیڤۆ مۆرالیس بوو، کە لە پەیامەکەیدا دەڵێت ”بۆ برام لە وەرزشدا مێسی، بەبۆنەی هاوسەرگیریت پیرۆزباییت لێدەکەم“.



## چەنەبازە

کارلۆ ئەنچیلۆتیی راهێنەری یانەی بایرن میونشن، لە وەڵامی ئەو رەخنانەی بریکاری رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی بەر لە چەند هەفتەیەک ئاراستەی یانەی باڤاری کردبوو، گوتی «بەشێکی زۆری بریکاری یاریزانان زۆربڵێن و هەمیشە قسە و چەنەبازی دەکەن، ناشزانم هۆکارەکەی چییە؟. ئەوە جاری یەکەم نییە، بریکارەکان رۆژنامەکان بۆ درۆکردن بەکاردێنن. لە جیهانی نموونەییدا بریکاری یاریزانان قسە بۆ رۆژنامەکان ناکەن».



# فرانکفۆرت گرێبەست لەگەڵ نیلسۆن ماندێلا دەکات

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

یانەی ئاینتراخت فرانکفۆرتی ئەڵمانی رایگەیاند، گرێبەستیان لەگەڵ نیلسۆن ماندێلا کردووە، کە یەکەم گرێبەستی پیشەگەرە لە کاروانی وەرزشیدا. ماندێلا (18 ساڵان) یاریزانێکی کامیرۆنییە و هەڵگری هەمان ناوی سەرکردەی کۆچکردووی باشووری ئەفریقیایە، کە ساڵی 2013 کۆچی دوایی کرد.

یانەی فرانکفۆرت گرێبەستی پێشکەشی ماندێلا کرد، دوای ئەوەی لەگەڵ تیپی خوار 19 ساڵی درەوشایەوە، بە تۆمارکردنی 8 گۆڵ لە 14 یارییدا. نیلسۆن ماندێلا مبوهۆم لەگەڵ تیپی بارسێلۆنا دەستی بە راهێنانەکانی تۆپی پێ کردووە، بەر لەوەی روو بکاتە ئەڵمانیا و لە ئەکادیمیای هۆڤنهایم دەرچێت. دوای ئەوەی 18 ساڵی تەواوکردو مۆڵەتی کارکردنی لە ئەڵمانیا پێدرا، ماندێلا بۆ تیپی یەکەمی فرانکفۆرت بانگهێشت کرا، بۆ ئامادەکارییەکانی وەرزی داهاتوو.

ماندێلای یاریزان هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ تێکۆشەری کۆچکردوو نیلسۆن ماندێلادا نییە، ئەوەی مێژوو وەک یەکێک لە دیارترین کەسایەتییە سیاسییەکان ناوی تۆمارکردووە.



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ئاری کەریم لە پێنجوین

بە لێدوانی:

(وێنەی دوو ئەفسانەیە، وەسفکردنیان گرانە)

# درێسێک بۆ سەر لێشێواندنی رکابەران

**رووداوی وەرزشی ـ BBC**

یانەی وایکۆمپ واندەرزی ئینگلیزی، پەردەی لەسەر درێسی گۆڵپارێزانی بۆ وەرزی داهاتوو هەڵدایەوە، کە بەشێوەیەکی زۆر سەیر دیزاین کراوە، بۆ ئەوەی سەر لە هێرشبەرانی تیپەکانی رکابەر تێکبدات.

درێسی دووەمی گۆڵپارێزی تیپی رکابەر لە خولی پلەی سێی ئینگلتەرا، رەنگی زەردە، لەگەڵ چەندین دیزاین بە رەنگی هەمەجۆر و سەرنجڕاکێش، کە هەموو درێسەکە دادەپۆشێت.

باری ریچاردسۆن، دیزاینەری درێسەکە لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی تیلیگرافی ئینگلیزی، گوتی "بەئەنقەست درێسی گۆڵپارێزم بەمشێوەیە دیزاین کردووە، تاوەکو ببێتە هۆی سەر لێتێکدانی یاریزانانی تیپی بەرامبەر لە کاتی هێرش هێنانە سەر گۆڵی وایکۆمپ واندەرز".

هەروەها سکۆت براونی گۆڵپارێزی سەرەکی یانەکەش سەرسامی خۆی بە درێسە تازەکە نیشاندا و گوتی "باشترین درێسە لە کاروانی وەرزشیی خۆمدا بەدەستم هێنابێت، هەروەها لەبەرئەوەی لە رەنگی چاولێکەریش جیایە".

یانەی وایکۆمپ واندەرز وەرزی رابردوو نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە خولی یانە پلە دووەکانی ئینگلتەرا، کە وەرزەکەی لە پلەی نۆیەمی ریزبەندی یانە پلە سێیەکان کۆتایی پێهێنا.





کەس بڕوای پێناکات..

# لۆکا مۆدریچ دەچێتە خولی پلەی سێی کرواتیا

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

یانەی ئێن کەی ڤارتیکسی کرواتی نەناسراو، بووە هۆکاری سەرهەڵدانی مقۆمقۆیەکی فراوان، دوای ئەوەی رایگەیاند گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی کرواتی لۆکا مۆدریچ کردووە.

مۆدریچی تەمەن 18 ساڵان، هەڵگری هەمان ناوی ئەستێرەکەی ریال مەدرید و کاپتنی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیەتی، هەر ئەوەش هۆکاری ناوبانگی ئەو یاریزانەیە، کە چووە ریزەکانی یانەکەی لە خولی پلەی سێی کرواتیا.

لە کاتی چوونی بۆ ریزەکانی ڤارتیکس، مۆدریچ گوتی "کە یەکێک دەبینم و ناوی خۆمی پێدەڵێم باوەڕم پێناکات. راستییەکەی دوای ئەوەی تەوقە لەگەڵ خەڵکی دەکەم، ناسنامەکەم دەردێنم، تاوەکو بیسەلمێنم من کێم، ئەوان وا دەزانن گاڵتەیان لەگەڵدا دەکەم".

هەرچەندە ناوی لەگەڵ مۆدریچ وەک یەکە، کەچی ئەو یاریزانە لاوە دووپاتیکردەوە، نموونەی باڵای ئەو پۆل سکۆڵزی یاریزانی پێشووی یانەی مانچێستەر یونایتدە، تەنانەت ئەو لەبەر سکولز درێسی ژمارە 18 لەبەردەکات. لەو بارەوە گوتی "پیرۆزبایی لە مۆدریچ دەکەم لەسەر کاروانی وەرزشیی و هیواخوازم چاوم پێی بکەوێ، بەڵام هەرچەندە ئەو باشترین یاریزانمانە، کەچی نموونەی باڵای من سکولزە، کە بەشێوەیەکی نموونەیی یاری دەکرد". مۆدریچی لاو گوتیشی "بایەخ بە خوێندن دەدەم، بۆ ئەوەی ئایندەی خۆم مسۆگەر بکەم، پلانم داناوە بچمە زانکۆ، بیر لە خوێندنی ئەندازیاری میکانیکی لە زەگرب دەکەمەوە. خوێندن بۆ من گرنگە، چونکە تۆ نازانی لە تۆپی پێ چی روودەدات، ئەگەر بڕوانامەت هەبێ، بژاردەی دیکەشت لە بەردەمدا دەبێت".





RÛDAW
www.rudaw.net
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەرێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە